No: ٦٧٢٨
Date: ٢٤/٦/٢٠٢٠

ژمارە:
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٠ کوردی

( پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستانە )

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی/ هەولێر/ سلێمانی/ دهۆک/ هەڵەبجە/ ڕاپەرین/ گەرمیان/ کۆیە**

**بابەت/ ڕێنمایی هاوردەکردنی (شیری ووشک، خواردنەوەی ووزە بەخش، ڕۆن و زەیتی خۆراکی، خواردنەوە کهولیەکان، مەوادی سەرەتایی، چێشتەخانە و کافتریا براندەکان)**

دوا بە دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٩) سەبارەت بە ڕێنمایی هاوردەکردنی (شیری ووشك، خواردنەوەی ووزە بەخش، ڕۆن و زەیتی خۆراکی، خواردنەوە کهولیەکان، مەوادی سەرەتایی، چێشتەخانە و کافتریا براندەکان) لە دیوانی وەزارەتمان، بڕیار لەسەر نوێکردنەوەی چەند ڕێنماییەك و دەرکردنی چەند ڕێنماییەکی نوێ درا، کاری پێویست ئەنجام بدەن بە پەیڕەو کردنی دواین ڕێنمایی کە لە خوارەوە هاتووە.

<u>بەشی یەکەم</u>:- ڕێنمایی پێدانی نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ بەرهەمی خۆراکی (١- شیری ووشك، ٢- خواردنەوەی ووزە بەخش، ٣- ڕۆن وزەیتی خۆراکی، ٤- خواردنەوە کهولیەکان، ٥- مەوادی سەرەتایی، ٦- چێشتەخانە و کافتریا براندەکان).

**<u>مادەی یەکەم</u>:- لایەنی دەسەڵاتدار بە نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ خۆراك و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان لە وەزارەتی تەندروستی:-**

ا- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی- بەشی چاودێری تەندروستی سەلامەتی خۆراك.

ب- بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلیمانی، دهۆك، هەڵەبجە).

**<u>مادەی دووەم</u>:- مەبەست لە ڕێکخستنی پرۆسەی نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ بەرهەمی خۆراکی:**

بڕگەی یەکەم:- پارێزگاری کردن لە تەندروستی هاوڵاتیان.

بڕگەی دووەم:- بەدەستهێنانی داتا و زانیاری پەیوەست بەکار وچالاکیەکانی بازرگانان و کۆمپانیاکان و کارگەکانی دروستکردنی خواردن و خواردنەوە.

بڕگەی سێیەم:- ئاسانکردنی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئیش و کارەکانیان.

بڕگەی چوارەم:- وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر ئەو بازرگانانە وکۆمپانیاکان و کارگەکانی دروستکردن و هاوردنی خواردن و خواردنەوە کە سەرپێچی دەکەن.

**بەشی دووەم:-** جێبەجێکردنی مەرج و پێداویستیەکانی پێشوەختە بۆ وەرگرتنی نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ خواردن وخواردنەوە.

1- بازرگان/کۆمپانیا وە کارگەکانی ناوخۆ پێویستە ساڵانە نوسراوی پشتگیری تۆمارکردن لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بهێنێت، وە هەمان ڕێکار لەگەڵ بازرگان/کۆمپانیا وە کارگەکانی ناوخۆی عێراق دەگیرێتە بەر.

2- هێنانی نوسراوی دانانی رصید لە لایەنی پەیوەندیدار بۆ هاوردن وە نوسراوی خەمڵاندنی پێداویستی مەوادی سەرەتای بۆ کارگە.

3- مۆڵەتی تەندروستی (کۆگا/کارگە)ی هەبێت بۆ دڵنیابوون لە بڕ و جۆری ماددەکەی.

4- بەڵگەنامەی ڕەسەنی (free sale) و پشتراستکردنەوەی لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی بەرهەمهێن و وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی بیسەلمێنێ کە وڵاتی بەرهەمهێنەر ئەم بەرهەمە بەکاردەهێنێت، بۆ یەك جار و ساڵانە نوێ بکرێتەوە بۆ (١- شیری ووشکی منداڵان، ٢- خواردنەوە کهولیەکان، ٣- زەیت وڕۆنی خۆراکی، ٤- خواردنەوەی ووزە).

5- بەڵگەنامەی (free sale) بۆ (١- خواردنەوەی ووزە، ٢- زەیت وڕۆنی خۆراکی و شیری ووشك) لە کاتی هێما و ناوی بازرگانی بۆ بەرهەمی هاوردەکراو تایبەت بوو بە بریکاری عێراق، پێویستی بە بڕوانامەی free sale نیە، بەڵکو تەنها پشتگیری لە کۆمپانیای بەرهەمهێن پێشکەش دەکات کە بیسەلمێنی ئەم هێما و ناوی بازرگانیە تایبەتە بە بریکاری عێراق ویشتڕاست بکرێتەوە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی سەرچاوە و پێویستە تۆماری ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی هەرێم یان عێراق لە بەشی تۆماری هێماکان بهێنێت لە کاتی بەرهەمەکەی لە کارگەیەکی دەرەوە بەرهەم بهێندرێت بەڵام لەکاتی لە کارگەی ناوخۆ بەرهەم بێت ئەوە تەنها پێویستە تۆماری ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم یان عێراق لە بەشی تۆماری هێماکان بهێنێت. وە پێویستە لەسەر لیبڵی بەرهەمەکە ئاماژە بکات کە ئەم بەرهەمە لەلایەن کارگەی بەرهەمهێنەر بۆ کۆمپانیا/بازرگان دروستکراوە.

No: ژمارە:

Date: / /٢٠٢٠ ڕێکەوت: / /٢٧٢٠ کوردی

6- لەکاتی لەکیس کردن پێویستە ئاماژە بە سەرچاوەی بەروبومەکە بکات. واتە دەبێت ئاماژە بە سەرچاوەی بەربوومەکە و کارگەی لە کیسکردن و ناوی کۆمپانیا/بازرگان بۆ لە کیس کراو بکات.

7- هەر کۆمپانیایەك/بازرگانێك بیەوێت ڕێکلام بکات بۆ بەرهەمی (شیری منداڵان و خواردنەوەی وزە بەخش) پێویستە سەرەتا ڕێکلامەکەی پێشکەش بکات بە وەزارەتی تەندروستی لاری نەبوونی وەزارەتی تەندروستی وەربگرێت. نوسراوی لا رێنەبوونی

8- چێشتخانە وکافتیریا براندەکان کە بەرهەمی هاوردەکراویان بە پێی تایبەتمەندی عێراقی بێت و پێویستە گرێبەست پێشکەش بکەن لە نێوان لقی سەرەکی و لقی خۆیان هەروەها بیسەلمێنێت کە ئەم چێشتخانەیە یان کافتریایە بە لایەنی کەم لە سێ وڵات بوونی هەیە وپشتراستکرابێتەوە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە.

9- پێویستە بەرهەمەکان بە پێی تایبەتمەندی عێراقی بێت، وەلە کاتی نەبوونی تایبەتمەندی عێراقی بۆ هەر بەرهەمێك پێویستە نوسراوی دەستەی پێوانەسازی وکۆنترۆڵی جۆری هەبێت کە تایبەتمەندی کارگەی یان نیودەوڵەتی بۆ دیاری کردبێت.

10- ماوەی بەسەرچوون پێویستە بە گوێرەی دووایین دەرچوو لە تایبەتمەندی عێراقی ژمارە (١٨٤٧) بێت.

11- زانیاری سەر بەرهەمەکە (لێبڵ) پێویستە بەگوێرەی تایبەتمەندی پیوانەی عێراقی ژمارە (٢٣٠) وە برگەی تایبەت بە لێبڵی ماددەکە کە ئاماژەی پێکراوە لە تایبەتمەندی عێراقی تایبەت بە ماددەکە بێت.

12- هەر گۆڕانکاریەك لە تایبەتمەندی عێراقی بکرێت (ئەپدەیت) دەبێت بازرگان/کۆمپانیاکان و کارگەکان پابەندبن پێی.

13- بڕیارەکانی دەستەی ڕاویژکاری و سەلامەتی خۆراکی هەرێم و عێراق کاریان پیدەکرێت.

14- تیمی وەزارەتی تەندروستی بە لایەنی کەم (٥) فەرمانبەر لە بواری چاودێری تەندروستی و سەلامەتی خۆراك و تاقیگەی خۆراك لەسەر ئەستۆی کۆمپانیای/بازرگان هاوردەکار هەڵدەستێت بە سەردانی کردنی کارگەی بەرهەمهێن بە مەبەستی وردبینی کردن لە بەرهەم و بەڵگەنامەکانی پێشکەشی کردوون.

15- کۆمپانیای/بازرگان بەڵێنامە بدات کە پابەندە بە یاسا ورێنمایی وەزارەتی تەندروستی.

16- شیری ووشك ئەمانە دەگرێتەوە (شیری ووشك بۆ کارگەکان، شیری ووشك بۆ گەوران، شیری ووشکی منداڵان، شیری ووشکی چارەسەری منداڵان).

17- وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی هەر کاتێك بە پێویستی زانی نموونەی ئەو بەرهەمانەی هاوردە دەکرێن یان لە ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێندرێن دەنێرێت بۆ پشکنین لە یەکێك لە تاقیگەکانی دەرەوە لە ڕووی (کیمیاوی، بایۆلۆجی) کە ناتواندریت لە ناخۆ ئەجام بدرێت. وە تێچووی پشکنینەکە لە ئەستۆی خاوەن بەرهەم (بازرگان، کۆمپانیا، کارگە) دەبێت.

**بەشی سێیەم:- پێداویستیەکانی پێدانی نوسراوی ڕێگەپێدان بە کۆمپانیاو بازرگانەکان تایبەت بە خواردن و خواردنەوە بە بەڵگەی ڕەسەن (ئەصلی) بە زمانی (کوردی، عەرەبی یان ئینگلیزی) بێت:-**

1. پێشکەشکردنی داواکاری لەسەر کلێشەی کۆمپانیا (بۆ/ وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی، بابەت/ هاوردن) پێدانی نوسراوی ڕێگەپێدان دەبێت زانیاریەکان بەم شێوەی خوارەوە بێت:

| ناوی کۆمپانیای هاوردەکار | ژمارەی تۆماری بازرگان | ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێن | ناوی بەرهەم وجۆری بەرهەم | وڵاتی سەرچاوە | ژمارەی باج نەمبەر | قەبارەی بەرهەم | بەرواری بەرهەمهێنان | بەرواری بەسەرچوون | بر/كمیه (کگم/لیتر) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | |

2. Certificate of origin بەڵگەنامەی سەرچاوە پێویستە لە لایەن ژووری بازرگانی و پیشەسازی مۆرکرا بێت.
3. ئەگەر بەرهەمی سەرەتایی لە وڵاتێکی تر بوو پێویستە لە Certificate of origin ئاماژە بە وڵاتی سەرچاوە بۆ بەرهەمی سەرەتایی (لەکیسکردن یان لە قووتووکردن) بکرێت وە بەڵگەنامەی سەرچاوە لە وڵاتی پڕکردنی بەرهەمەکە پێویستە پشتراستبکرێتەوە لە لایەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی بۆ بەرهەمی کۆتایی.
4. Health certificate بەڵگەنامەی تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی یان لایەنی پەیوەندیدار بە دەرکردنی بەڵگەنامەی تەندروستی (میری) دەرچووبێت و مۆری لایەنی پەیوەندیداری لەسەر بێت.

ژمارە:
No:

ڕێکەوت: / / ٢٧٢٠ کوردی
Date: / /٢٠٢٠

5. ئەگەر بەرهەم پرکرابێت لە وڵاتی تر پێویستە Health Certificate بەڵگەنامەی تەندروستی بۆ بەرهەمی کۆتایی لە لایەنی وەزارەتی تەندروستی یان لایەنی پەیوەندیدار بە دەرکردنی بەڵگەنامەی تەندروستی لە وڵاتی پرکردن دەرچووبێت.

6. ئەگەر بەڵگەنامەی تەندروستی لەلایەن لایەنێکی تر جگە لە میری دەرچووبێت ئەوا دەبێت نوسراوی فەرمی لەو لایەنە میریە فەرمیە بهێنێت کە ئەو لایەنەی سەرپشککردووە بۆ دەرکردنی بەڵگەنامەی تەندروستی بۆ یەك جار.

7. Invoice مۆر کرابێت لە لایەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی.

8. Certificate of analysis بەڵگەنامەی شیکردنەوە پێویستە لە تاقیگەی فەرمی وڵاتی سەرچاوە یان لە تاقیگەیەك بڕوانامەی ISO 17025 هەبێت.

9. Packing list پێویستە مۆری کۆمپانیا لەسەری هەبێت.

10. بۆ هاوردنی شیری ووشك بەڵگەنامەکانی (free of Dioxin, free of Melamine, Free of Radiation) پێویستە دەرچووبێت لە تاقیگەی فەرمی وڵاتی سەرچاوە یان لە تاقیگەیەك کە بڕوانامەی ISO 17025 هەبێت.

11. بۆ هاوردنی (شیری ووشك و رۆنی ئاژەڵی) وبەرهەمەکانی سەرچاوەی ئاژەڵی تر پێویستە بڕوانامەی (Veterinary health certificate) بهێنێت.

12. بۆ هاوردنی زەیت ورۆنی خۆراکی کە سەرچاوەکەی ڕووەکییە پێویستە (Phytosanitary certificate) بهێنێت وە پێویستە لە وڵاتی سەرچاوە بێت.

13. بەڵگەنامەی ئەو ماددە پلاستیکیەی کە (ڕوون، زەیت) ەکەی تێدا هەڵدەگیرێت کە ئاماژە بکات شیاوە بۆ هەڵگرتنی ڕۆنی خۆراکی (food grade)، سەلماندنی بە شیکرنەوەی تاقیگە (test report).

14. هەموو بەڵگەنامەکان پێویستە یەکێك لەمانەی(invoice number and date یانBatch number یان، order number یان container number یان ,reference number) لەسەری بێت.

15. کارگەکانی بەرهەمهێنانی (شیری ووشك، خواردنەوەی ووزە، زەیت ورۆنی خۆراکی و خواردنەوەی کحولی) کە لێ هاوردە دەکرێت پێویستە یەکێك لەم بڕوانامەیان هەبێت: بڕوانامەی ( HACCP, GMP - ISO 22000) یان هاوتاوەکانی.

ژمارە:
No:

ڕێکەوت: / /٢٧٢٠ کوردی
Date: / /٢٠٢٠

16. ئەو بەرهەمە خۆراکیانەی کە لەم ڕێنمایەدا هاتوون و لە ڕێگای ووشکانی و ئاسمانی لە خاڵە سنوریەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق هاوردە دەکرێن و دواتر لە ڕێگای بازگەکانی هەرێم دێنە ژوورەوە پێویستە بازرگان/کۆمپانیا پابەند بێت بە هەمان ئەو ڕێوشوێنانە و جێبەجێکردنی هەموو ئەو مادده و بڕگانەی کە لەم ڕێنمایەدا هاتووە.

17. ئەگەر بەرهەمی سەرەتایی لە ڕێگای ووشکانی و ئاسمانی لە خاڵە سنوریەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق هاوردەکران و دواتر لە کارگەکانی لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق کرانە بەرهەمی کۆتایی و لە ڕێگای بازگەکانەوە هێندرانەوە هەرێمی کوردستان ئەوا پێویستە بازرگان/کارگە ئەم خاڵانە جێبەجێ بکات:-

- هێنانی نوسراوی (صحه صدور)ی مۆڵەتی تەندروستی کارگە ساڵانە.
- پشکنینی تاقیگەی بەرهەمی کۆتایی لە تاقیگەکانی هەرێم بۆ هەر وەجبەیەك.
- سەردانی تیمی تەندروستی هەرێم بۆ کارگەکەی لە هەر کاتێك کە بە پێویستی زانی.

**<u>بەشی چوارەم</u>:- پێداویستیەکانی کارگەکانی ناوخۆ بۆ(شیری ووشك لەکیس کردن، خواردنەوەی ووزە بەخش، ڕۆن وزەیتی خۆراکی، خواردنەوە کهولیەکان):-**

1. پێشکەشکردنی داواکاری لەسەر کلێشەی کۆمپانیا بۆ/ وەزارەتی تەندروستی/ ب. گشتی کاروباری تەندروستی.
2. بڕوانامەی تەندروستی کارگەی هەبێت.
3. هێنانی نوسراوی خەملاندنی پێداوستی مەوادی سەرەتای بۆ کارگەکان.
4. پێشکەش کردنی تۆماری هێما و ناوی بازرگانی بەرهەمەکانیان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم یان عێراق بۆ (شیری ووشکی منداڵان، خواردنەوەی ووزە، خواردنەوە کهولیەکان، زەیت و ڕۆنی خۆراکی).
5. ئەگەر کارگە بۆ بازرگان/کۆمپانیای تر بەرهەمی دەهێنێت (لەکیسکردن یان لە قوتوکردن) پێویستە کارگە گرێبەستی پشتڕاستکراوی لە لایەن دادنوس هەبێت لەگەڵ خاوەن و ناوی بازرگانی (خاوەن امتیاز)، دواتر

ژمارە:
No:
ڕێکەوت: / / ۲۷۲۰/ کوردی
Date: / /۲۰۲۰

نوسراوی لاری نەبوون بۆ خاوەنی ناوی بازرگانی دەکرێت ساڵانە. دوایی جێبەجێکردنی هەموو مەرجەکان لە لایەن کارگەوە وە هەروەها هەردوو لایەن بەرپرسن لە هەرکەم کورپەك بۆ بەرهەمەکە.

6. تیمی وەزارەتی تەندروستی/ چاودێری تەندروسیتی و سەلامەتی خۆراك هەڵدەستێت بە سەردان کردنی کارگەی بەرهەمهێن بە مەبەستی وردبینی کردن لە بەرهەم و لەو بەڵگەنامانەی پێشکەشی کردوون.
7. پێویستە کارگە تاقیگەی هەبێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی کوالیتی و پشکنینی (تحلیل)ی بەرهەمەکانی.
8. بەڵێنامە بدات کە پابەندە بە یاسا وڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی.
9. دوای تەواو بوونی هەموو پێداویستیەکانی کارگە بۆی هەیە نوسراوی لاری نەبوونی وەزارەتی تەندروستی بۆ فرۆشتنی هەبێت ساڵانە نوێی بکاتەوە.

**بەشی پێنجەم:- ڕێکاری سزایی**

- سەرپێچیکار سزا دەدرێت بەپێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (١٤١٦٢) ساڵی (٢٠١٧/١٢/٢٧)کە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
- لە کاتی بوونی هەر گرفتێك لە بەرهەمەکە، وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی ١٩٨١ هەڵدەستێت بە ڕاگرتن و دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمەکەی لە کۆگا و کۆکردنەوەی لە بازاڕ تاکو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دڵنیا دەبێت لە هەموو ڕووێك سەبارەت بە بەرهەمەکەی.

**بەشی شەشەم:-**

1. کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ماددە و برگەکانی ئەم ڕێنمایە.
2. ئەم ڕێنمایانە جێبەجێ دەکرێت وە بڵاودەکرێتەوە لە وقائعی کوردستان.
3. کار بەو ڕێنماییانە دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە وە ماوەی (٣٠) ڕۆژ دەدرێت بە کۆمپانیاکان بۆ تەواو کردنی ڕێکارەکانیان بۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایی نوێ.

لەگەڵ ڕێزدا...

د. سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی
٢٠٢٠/٦/٢٤

وێنەیەك بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی /بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەری پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی خۆراك/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- خولاو